ISSN: 1812-0512 (Print) 2790-346X (online)

Wasit Journal for Human Sciences

Available online at: https://wjfh.uowasit.edu.iq

# Philosophy of Education in the Perspective of Bertrand Russell

*** Corresponding Author**
1.Sarkar Hamarashid Saeed
2. Niyan Namiq Sabir
University of Sulaimani

Email:
1.Sarkar.saeed@univsul.edu.iq
2.nian.sabir@univsul.edu.iq

**Keywords**: Moral Education, Intellectual Education, Bertrand Russell, Educational Thought

Article history:
Received: 2025-02-13
Accepted: 2025-02-25
Availablonline: 2025-05-01

**ABSTRACT**

The philosophy of education is one of the fundamental principles in constructing any educational system. This is achieved through the core functions of educational philosophy, which involve observing, critiquing, and guiding the educational process across different societies and time periods, relying on the educational thought of prominent philosophers. This study seeks to present one of the most significant contemporary educational philosophies—Bertrand Russell's philosophy of education. Russell's educational thought emphasizes the relationship between education and the social system, highlighting the importance of free thinking. He classifies education into two types based on age differences: moral education and intellectual education. From Russell's perspective, education is regarded as a primary tool for social progress. He asserts that education should not merely serve the interests of the state or existing power structures but should also function as a means to encourage individuals to think critically and independently. This study aims to distinguish between moral education and intellectual education, examining their content, characteristics, and primary objectives within this educational framework. Additionally, it explores the essential steps required to develop both moral and intellectual education. Overall, Russell's philosophy of education advocates for an educational system that fosters moral responsibility and intellectual freedom, ultimately contributing to the development of human character and the realization of a prosperous and just world.

This article is an open access article distributed under the terms and conditions of the Creative Commons Attribution License (CC BY 4.0)https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/
DOI: https://doi.org/10.31185/wjfh.Vol21.Iss2.910

# فلسفة التربية في منظور برتراند راسل

1. م.م. سەركار حمەرشيد سعيد/جامعة السليمانية
2. أ. د. نيان نامق صابر/جامعة السليمانية

**المُستخلص**

تعتبر فلسفة التربية من أهم مبادئ بناء أي نظام تعليمي.ويتم ذلك من خلال المهام الأساسية لفلسفة التربية، وهي ملاحظة ونقد وتوجيه العملية التربوية في المجتمعات المختلفة والأزمنة المختلفة، وذلك بالطبع بالاعتماد على الفكر التربوي للمفكرين. تحاول هذه الدراسة تقديم أحد أهم الأفكار التربوية المعاصرة وهو فلسفة التربية عند (برتراند راسل). يسلط هذا الفكر التربوي الضوء على العلاقة بين التعليم والنظام الاجتماعي وأهمية التفكير الحر، كما يصنف التعليم إلى نوعين حسب الفوارق العمرية. والتي هي التربية الأخلاقية والتربية الفكرية. من وجهة نظر راسل، يُنظر إلى التعليم باعتباره أداة رئيسية للتقدم الاجتماعي، مؤكداً أن التعليم لا ينبغي أن يخدم مصالح الدولة أو هياكل السلطة القائمة فحسب، بل ينبغي أن يصبح أيضاً أداة لتشجيع الناس على التفكير النقدي والمستقل. يحاول هذه البحث التمييز بين التربية الأخلاقية والتربية الفكرية، ومحتوى كل منهما وخصائصهما، وأهم أهداف التربية في هذا الفكر التربوي، وما هي أهم الخطوات الواجب اتباعها لتطوير التربية الأخلاقية والتربية الفكرية. وبشكل عام، تدعو فلسفة راسل التربوية إلى نظام تعليمي يعزز المسؤولية الأخلاقية والفكر الحر، من أجل بناء الشخصية الإنسانية بهدف تحقيق عالم مزدهر وعادل.

**الكلمات المفتاحية:** التربية الأخلاقية، التربية الفكرية، (برتراند راسل)، الفكر التربوي

پێشەکی:

شیكردنەوەی شێوازێک لە فەلسەفەی پەروەردە كە ئامانجی بونیادنانی كەسێتی مرۆڤێكە بۆ روبەروبونەوەی ئەو ئاڵنگاریانەی روبەروی دەبنەوە لە سەردەمی زانست و پێشكەوتنە تەكنەلۆژیەكاندا، ئەمەش بە رەخساندنی شێوازێک لە پەروەردەی ئاكاری لە شەش ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵداو پاشان پەروەردەی هزر لە قۆناغی چواردەساڵیدا، وادەكات مرۆڤێک پەروەردەببێت كە خاوەنی هزری ئازادبێت و لە ئاست پێداویستییەكانی كۆمەڵگەدابێت.

كێشەی توێژینەوەكە: بریتییە لە خستنەروی تێگەیشتنێک بۆ فەلسەفەی پەروەردە لە دیدی (برتراند راسل)دا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەكە هەوڵێكە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەكیانە. چۆن لە ڕوانگەی هزری (راسل) دەتوانن چارەسەری ئاستەنگییەكانی بەردەم پرۆسەی پەروەردە بكەن؟ ئامانجەكانی پەروەردە چین؟ چۆن دەتوانرێت گەشە بە پەروەردەی ئاكاری پەروەردەی هزر بدرێتلە ڕوانگەی فەلسەفەی پەروەردەی (برتراند راسل)ەوە؟

میتۆدی توێژینەوەكە: میتۆدی بەكارهاتوی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی وەصفی شیكاری، لە رێگەی ئەم میتۆدەوە هەوڵدراوە شیكردنەوەیەک بۆ تێروانییەكانی (راسڵ) لە بارەی پەروەردە و هزری ئازادەوە بكرێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو بەش، بەشی یەکەم پەروەردەو سیستمی کۆمەڵایەتی، دوو باس لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە پەیوەندی نێوان پەروەردە و ئازادی، هەروەها ئامانجەکانی پەروەردە. بەشی دووەم پۆلێنکردنی پەروەردە بۆ پەروەردەی ئاکاری و پەروەردەی هزر هەروەها هزری ئازاد لە خۆدەگرێت.

گرنگی توێژینەوەکە: خستنەروی شێوازێک لە پەروەردەکردن کە لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکان و ئاڵۆزییەکانی سەردەمی جیهانگیری بگونجێت لە پێناو بونیادنانی کەسێتی مرۆڤێک کە لێبوردەیی و زیرەکی و بوێری و ئاشتیخوازی تایبەتمەندی بێت گرنگی زۆری دەبێت بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەو خستنەروی گرنگترین ئەو لایەنانەی کە لە پەروەردەی برتراند (راسڵ)دا بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤ گرنگی پێدەدرێت لە پێناو گەشەکردنی لایەنی زیندوویی و بوێری و هەستیاری و زیرەکی لە کەسێتی مرۆڤدا.

**بەشی یەکەم: پەروەردە و سیستمی کۆمەڵایەتی**

فەلسەفەی پەروەردە لەدیدی (برتراند راسڵ)دا لە چوارچێوەی سیاسەت و کۆمەڵگەدا رەنگ دەداتەوە، بە شێوازێک کە ئامانجی سەرەکی پەروەردە رێکخستنی کۆمەڵگەیە، ئەم کۆمەڵگەیەش کاتێک رێکدەخرێت کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگە رێکخراوبێت لە رێگەی جۆرێک لە پەروەردەوە کە بتوانێت ئەرک و بەرپرسیارێتی و سنوری ئازادی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا دیاری بکات.

**باسی یەکەم: پەیوەندی نێوان پەروەردە و ئازادی**

هەرچەند لە ڕوانگەی (راسڵ) سیاسەت وابەستەیە بە کۆمەڵگە نەک بە مرۆڤەکانی کۆمەڵ، بەڵام بەوپێیەی سیاسەت بریتییە لەو هەڵچونانەی کە مرۆڤەکانی کۆمەڵگە پێکەوە هەستی پێدەکەن(عبيد،2017: 186-185)، ئەو پایە گرنگەی کە سیاسەتی لەسەربونیات دەنرێت بریتییە لە هاوکاریکردنی مرۆڤەکان بۆ یەکدی(راسل، ب.س: 206)، لەبەر ئەوە پرۆسەی پەروەردە وابەستەی سیاسەت دەبێتەوە کاتێک (راسڵ) ئەم چەمکانە وابەستە دەکاتەوە بە ئازادی مرۆڤەوە، بەو ئامانجەی مرۆڤێکی ئازاد کۆمەڵگەیەکی ئازاد بونیاد دەنێت، ئەمەش تەنهاو تەنها لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەستەبەر دەبێت، لەبەر ئەوەی پەروەردە لای (راسڵ) بەشدارە لە بونیاتنانی مرۆڤێکدا کە ئامانجەکانی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگا و هزروباوەڕە ئاکارییەکاندا یەکدەگرێتەوە(عوض،د.ط : 100). چونکە (ڕاسڵ) ئاکار بە لایەنێکی بەهێز دەزانێت کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ جڵەوگیر دەکات هەروەها دەبێتە ئامرازێک بۆ باشترکردن و رێکخستنی ژیانی مرۆڤ(MacIver،1964: 9). ئەم تێڕوانینە بۆ کۆمەڵگەو مرۆڤ دەبێتە بنەمای سەرەکی هزری پەروەردەیی شیکاری. کە بە توێژینەوە لە پەروەردە لە هەموو لایەنەکانەوە دەست پێدەکات، لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەی چەمک و زاراوەکان بۆ دیاریکردنی واتاکانیان و سنوردارکردنیان بە شێوەیەکی ورد. کە پاڵپشتی دەکرێن بە تیۆرە زانستییەکان بەو گریمانەو بەڵگە زانستیانەی لەسەری دامەزراوە، لەبەر ئەوەی راستی و دروستی و گونجانی لەگەڵ دەرەنجامە زانستییەکاندا ماناکان دیاری دەکرێت. (راسڵ) پێیوایە پەروەردە پێویستییەکی ڕاستەقینەی بە فەلسەفەی شیکاری هەیە چونکە دەیەوێت گەشەیەکی هاوسەنگ لە پرۆسەی پەروەردەدا بەدەستبهێنێت کە لە هۆکارەکانەوە دەستپێبکات و بە ئەنجامەکان کۆتایی بێت، پێویستە بە پەرۆشەوە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بکەن، (الشمري،

د.ط: 649) ئەم تێڕوانینەی (راسڵ) بۆ پەروەردە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت هەموو کێشەیەکی فەلسەفی وەک کێشەیەکی شیکاری لێیدەروانێت سەبارەت بە پەروەردەش (ڕاسڵ) دەڵێت:"بە درێژایی ئەو قۆناغەی کە بە پلەی یەکەم سەرقاڵی لۆژیکی هزرکاری بووم، هەروەها زۆر حەزم لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بوو"، دەتوانین وای دابنێین کە پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتیدا لە دیدی (برتراند راسڵ)دا، لەبەر ئەوە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە سەرکەوتنی بونیاتنانی کۆمەڵایەتییە چونکە پەروەردە کۆڵەکەی بنەرەتی گەشەسەندنی مرۆڤە(Qambar,2025:385) بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی سەرکەوتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە بە گشتی بە تایبەت لەسەردەمی جیهانگیریدا کە پەروەردە و جیهانگیری کاریگەری فراوانیان لەسەر یەکدی هەیە(محمد، نوری و ئەوانیتر،2024: 85)

هەروەها (راسڵ) وای دەبینێت کاری پەروەردە پاراستن و ڕێکخستنی سنوری ئازادییە لە نێوان ئازادی بۆ مرۆڤ تاوەکو توانای داهێنانی بۆ فەراهەم بکات، لە بەرامبەریشدا پێویستی دەسەلاتێکە کە سیستمی دەوڵەت ڕێکبخات. کەواتە مرۆڤ کار بۆ ئازادی خۆی دەکات هەروەها ملکەچبونی پێویستیشی هەیە بۆ دەسەلات لەم بارەیەوە دەڵێت:" پەروەردە دوو ئاماجی هەیە، کاملکردنی عقل و ئامادەکردنی هاوڵاتی، ئەسینییەکان ترکیزیان کردۆتە سەر ئامانجی یەکەم و ئیسپارتییەکان ترکیزیان کردۆتە سەر ئامانجی دووەم(راسڵ، 2008 : 223)، ئەم پەروەردەیە دەبێتە هۆکاری بونیادنانی کەسێتی مرۆڤێکی سەربەخۆ و  هاوڵاتییەک کە خۆی بەخت دەکات لە هەمان کاتدا(محمود، 2020: 94)، (راسڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت:" مرۆڤی بە ئیرادە ئەو مرۆڤەیە کە لە پاشەرۆژدا ببێت بە خزمەتکاری مرۆڤە ئازادەکان، نەک ببێت بە حاکمێکی نایاب بۆ سەرسامبونی کۆیلەکان"(ڕەسڵ، 2018 : 88). ئەمە دەبێتە بنەمای خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کە سیمای فەرمانڕەوایی خۆشگورەزانە(عبدالله، ساڵح، 2024: 129). ئەم تێروانینانەی (راسڵ) کاتێک رون دەبنەوە. کە بتوانرێت سەرنج لەو راستییە بدرێت کە (راسڵ) جیاوازی دەکات لە نێوان مرۆڤ و هاوڵاتیدا، بەتایبەت جیاوازییەکەش لە لایەنی ئاکاری کەسیدایە. کە لە ژیانی تایبەتیدا روبەروی چالاکییە کۆمەڵایەییەکان دەبێتەوە کە بریتین لە ئاسایش و دادپەروەری و یەکسانی(رسل، 1961 : 135-133)، ئەم شێوازە لە پەروەردە دەبێتە ئامرازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە فاکتەری سەرەکییە بۆ ژیانی مرۆڤ و ئاراستەکردن و خۆگونجاندنیان لە نێو گروپەکاندا(فرج، قادر، 2023: 63).

باسی دووەم: ئامانجی پەروەردە

کاتێک (راسڵ) گرنگی بە ئازادی دەدات کە پەیوەندیدارە بە ئازادی مرۆڤ و کۆمەڵگەوە، بەڵام ئازادی راستەقینە کاتێک دێتە ئاراوە کە کۆمەڵگەیەکی ئازاد بوونی هەبێت، ئەمەش وابەستەیە بەوەوە کە تا چەند مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا ئازادە، (راسڵ) بانگەشەی ئازادی رەها ناکات بۆ مرۆڤ بەڵکو پێیوایە کاتێک کۆمەڵگەیەکی ئازاد بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤەکانی ئازادبن لە لایەنی هزرکردنەوە(التفکیر)، هزروباوەڕ(الاعتقاد) و هەڵبژاردن(الاختیار). کەواتە ئازادین لەوەی ئەو شتانە هەڵبژێرین کە دەمانەوێت فێری بین، وەهەر هزروباوەر و تیۆرێک کە دەمانەوێت پابەندبین پێوەی(محمود، 1967 : 73)، ئەم جۆرە لە ئازادی دەتوانرێت لە کۆمەڵگەدا گەشە بە لێهاتوییەکان بدرێت، ئەمەش پێویستی بەوەیە لە نێو پەروەردەدا کاری بۆ بکرێت، لەبەر ئەوە ئامانجی سەرەکی پەروەردە بریتی دەبێت لە بونیاتنانی کەسێتی. کە هێزی چوار توخمە یان چوار سیفەتی بنەرەتییە، بریتین لە: زیندوویی، بوێری، هەستیاری و زیرەکی. شەش ساڵی

یەکەمی ژیانی زۆر گرنگە سەبارەت بە گەشەکردنی داهاتووی منداڵ. بۆ بەدەستهێنانی زانین و بونیادنانی ئەم چوار هێزە بنەرەتییە(Ghosh, 2016 : 300). لە پێناو بونیادنانی جۆرێک لە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا کە مەبەستمانە بەختەوەر یان تەندروست یان زیرەک یان جەنگاوەربێت، ئەمەش بە کاریگەر دانان لەسەر حەزەکانی و گۆڕینی ئاکاری مرۆڤ دەستەبەر دەبێت(ڕەسڵ، 2017 : 207-206).

ئەم چوار هێزەش بەم شێوەیە دەردەکەون لە کەسێتی مرۆڤدا:

زیندویەتی (الحيوية Vitality): زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی تاکە کەسی. تەندروستی باش زیندوویی دەبەخشێت، (راسڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت:"زیندویەتی نیشانەیەکی فسیۆلۆجییە زیاتر لەوەی هۆشمەندییێت، هەمیشە لەگەڵ تەندروستی باشدا دەسلەملانە"(ڕەسڵ، 2018 : 95)، بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی پەروەردە بریتییە لە پێکهێنانی تەندروستییەکی باش.

بوێری (الشجاعة Courage): (راسڵ) وا هزردەکاتەوە پەرەپێدانی بوێری لە منداڵیدا یەکەم وانەیە کە دەبێت منداڵ فێربکرێت(Ghosh, 2016 : 301)، کە بریتییە لە توانای روبەروبونەوەی ترسی نا عقڵانی، لەبارەی ترسەوە دەڵێت:"ترس وەک نەخۆشی وایە لە گەورەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە"(ڕەسڵ، 2018 : 99)، ترس هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤ شکۆمەندی خۆی لەدەست بدات.

هەستیاری (الحساسية Sensitiveness): (راسڵ) بەم شیوەیە مەبەستەکەی بۆ هەستیاری رون دەکاتەوەو دەڵێت:" من مەبەستم سۆزە یان هەست، یان جۆش و خرۆشە، ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی تیۆری روتی بکەین، کە دەڵێین ئەو کەسێکی هەستیارە، واتە کەسێکە هەستەکانی بەزۆر بابەت دەبزوێت، بەڵام بە گشتی ئاکارێکی باشی نییە، بۆ ئەوەی بە ئاکارێکی پەسەند هەستیار بێت، پێویستە وژاندنی بۆ باباتێک بێت کە شایستەبێت"(ڕەسڵ، 2018 : 106).

زیرەکی (الذكاء Intelligence): گەشەپێدانی زیرەکی گەورەترین ئامانجی پەروەردەیە، بریتییە لە حەزی دۆزینەوە، بەڵام دەبێت ئەوە رونبکرێتەوە کە زیرەکی بەبێ پێدانی زانیاری و ئاسانکاری بۆ گەیشتن بە زانین نایەتە ئاراوە، کەواتە زیرەکی ئاماژەیە بۆ زانینی راستەقینە کە پەیوەندییەکی نزیکیاین هەیە بە وەرگرتنی زانیارییەوە (Furgeson, 1931 : 6). بەڵام جۆرێک لە زانیاری کە یارمەتیدەربێت بۆ بەدەستهێنانی چاکەکاری زانستی کە خۆی دەبینێتەوە لە هزری کراوە، ترکیز، وردبینی، قبوڵکردنی زانیاری لە سەرچاوەو بۆچونە جیاوازەکان تا ئەوکاتەی راستی و دروستیان دەسەلمێندرێت(شیخة و عبدالله، 1995: 231).

**بەشی دووەم: پۆلێنکردنی پەروەردە لە دیدی (برتراند راسڵ)دا**

(برتراند راسڵ)پەروەردە پۆلێن دەکات بۆ دوو بەش بەپێی ئەو ئامانجانەی پەروەردە هەیەتی بە گوێرەی تەمەن، لە چەند جێگەیەکدا لە نوسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت:" پەروەردە دوو ئامانجی هەیە، لە لایەک پەروەردەکردنی هزر و لە لایەکی ترەوە پەروەردەکردنی هاوڵاتییەکی باش. خەڵکی ئەسینا زۆرتر هەوڵیان بۆ یەکەم دەدا و خەڵکی سپارتا بۆ دووەم. سپارتییەکان سەرکەوتن بەڵام یادی ئەسینییەکان بۆ هەمیشە مایەوە"(ڕەسڵ، 2020: 267)، (راسڵ) بە گەرانەوە بۆ ئەم نمونەی شیوازەکانی پەروەردەی گریکی هەوڵدەدات چارەسەری ئاستەنگییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان

بۆ بکات، لە ڕێگەی پەروەردەوە. کە بەهایەکی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. (برتراند راسل) پۆلێنەکەی بۆ پەروەردە ئەم بەشانە دەگرێتەوە:

**باسی یەکەم: پەروەردەی ئاکاری:**

ئەم بەشەی پەروەردە لە سەرەتای لەدایکبونەوە دەست پێدەکات هەتاوەکو تەمەنی شەش ساڵی. (راسڵ) زۆر گرنگی بەم قۆناغە دەدات رەخنەی ئەوەش لە پێشینەکان دەگرێت کە لەپێشدا گرنگی بەم قۆناغەی منداڵی نەدراوە هەتاوەکو کاتی قسەکردن، بەڵام (راسڵ) دەڵێت:" سەردەمی ساوایی تا دەگاتە تەمەنی شەش ساڵ، بۆ ئەوەیە ئەم خووە جوان و پەسەندانە لە گەورەبونیدا ببێت بە بنەمایەک بۆ ئاکاری پەسەند و مرۆییانە"(ڕەسڵ، ب.س: 125).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردە لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە کاردەکات بۆ پاڵاوتنی ڕەفتاری منداڵ لە ساڵی یەکەمەوە تا تەمەنی پێش چواردە ساڵ، چونکە ئەرکەکانی پەروەردە لەم قۆناغەدا بریتییە لە ڕاهێنانی منداڵ بە هەوڵە پەروەردەییەکان کە دەبێت منداڵ پەیڕەوی بکات

(برتراند راسڵ) بۆ گەشەکردنی ئەم بەهایانەو گەیشت بەو ئامانجانە، لە پەروەردە ئاکارییەکەیدا کۆمەڵێک لایەن دیاری دەکات بەپێ جیاوازی تەمەنی سەرەتایی منداڵ .کە پێویستە لە قۆناغی ساوایی منداڵەوە کاری بۆ بکرێت ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: ساڵی یەکەم The first year**

(راسڵ) زۆر گرنگی بە تەمەنی شیرەخۆری منداڵ دەدات هەر لە ساتی لە دایکبونیەوە، چونکە شێوازی پەروەردەکردنی لەم تەمەنەدا کاریگەری دەبێت لەسەر رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی داهاتوی منداڵ، لەبەر ئەوە کاتێک (راسڵ) باسی گرنگی ئەم قۆناغە دەکات سەرەتا بە رەخنەگرتن لە شێوازی هەڵەی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی ساوادا دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە لە پێشودا بەهۆی گوێنەدان بە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە ساوایی و شیرەخۆریدا ڕێژەیەکی هەڵکشاو لە منداڵەکانیان دەمردن یاخود دوچاری تەندروستی ناجێگیر دەبوون، لە بەرامبەردا شیوازی بەخێوکردنی زانستی دەتوانێت رێگری لە مردنی منداڵ بکات سەرباری ئەمەش منداڵان لە روی جەستەیی و ئاوەزیشەوە تەندروست دەبن(Russell، 1948: 70-69).لەم کاتەدا خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت چونکە یەکەم ژینگەو یەکەم گروپی مرۆیی و گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە(عبدالله، محمد، 2024: 13).

(راسڵ) ئاماژە بەوە دەدات کە منداڵ لەم قۆناغەدا فێڵی لەوە زیاترە کە هزری لێدەکرێتەوە، هەوڵدەدات بەگریان ئەوەی دەیەوێت بۆی دابین بکرێت، ئەم خووەی تێدا گەورە دەبێت، لەکاتی گەورەبونیدا کاتێک ناتوانێت بەگریان شتەکانی بەدەستبهێنێت توشی سەرسورمان دەبێت، ئەمانە دەبێتە خوی نابەجێ لە گەورەبونیدا. بۆیە دەبێت بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکرێت"کە منداڵ توشی ئازاربوو پێویستە لە ئامێز بگیرێت...بەڵام ئەگەر بەبێ هۆ کەوتە گریان و هاوارکردن باشترە لێیبگەرێیت و بۆخۆی بگری و هاوار بکات"(ڕەسڵ، 2018: 127).

دووەم: ترس Fear

(راسڵ) زۆر بە وردی کاری لەسەر (ترس) کردووە لە پەروەردەکەیدا بەو پێیەی وابەستەیە بە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەدەکەیەوە بە تایبەتی بە بوێری زیندویەتی مرۆڤەوە، چونکە ئەم شێوازە پەروەردەیە بۆ بەدیهێنانی کەسێتی مرۆڤ

و هزری ئازاد تێدەکۆشێت، لەبەر ئەوەیە هێندە گرنگی بە ترس دەدات چونکە پێی وایە شکۆمەندی مرۆڤ لەدەست دەدات وادەکات کەسێتییەکی لاوازی هەبێت.

بۆ رونکردنەوەی ئەم لایەنە (راسڵ) دەڵێت دەکرێت بڵێین جیاوازی لە نێو واتای ترسدا دەکات ئەوانیش ترسی سروشتی وەک بینینی ئاژەڵێک، ترسی دەستکرد وەک ئەو جۆرە ترسەی کە لە پزیشکێک دەترسێت(رسل، 1960 :182)، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە کۆمەڵێک شت هەیە لە ژیاندا شیاوی ئەوەیە کە بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆ نمونە دەڵێین شێر مەترسیدارە، ئەمە ترسێکی عقڵانییە مرۆڤ بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بەڵام ئەوەی (راسڵ) دژایەتی دەکات بریتییە لە ترسی نا عقلانی بەرجەستەنەبوو، بە رونی هەوڵی روبەڕوبونەوەی ئەم جۆرە لە ترس دەدات. پێیوایە ئەم جۆرە ترسە وەک نەخۆشی وایە خۆرسک و زگماک نییە لە منداڵدا بەڵکو بەدەستهاتووە وەک نەخۆشی لە گەورەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە لە رێگەی لاسایی کردنەوەوە(ڕەسڵ، 2018: 99-98). بەڵام سەرباری هەموو ئەوەی تارادەیەک ئاماژەی پێدارا (راسڵ) پێیوایە نابێت ئەم ترسە نابەجێیانە فەرامۆش بکرێت، بەڵکو وردە وردە هەوڵبدرێت ترسەکان بڕەوێندرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە دیدی (راسڵ)دا بۆ زاڵبون بەسەر ترسدا کۆمەڵێک رێکار پەیرەو دەکرێت، کە دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم و سەرەتای پرۆسەی روبەڕوبونەوەی ترس بۆ دایک و باوک و کەسانی بەخێوکەرو مامۆستاکانە، بەشی دووەم یاخود هەنگاوی دواتر بەشی زۆرینەی بۆ منداڵ دەگرێتەوە.

یەکێک لەو ستراتیجیانە بریتییە لە نەرمی و کارامەیی لە کاتی ترسناکییەکاندا، ئەم لایەنە چۆن بۆ گەورەکان بۆ مامەڵە لەگەڵ ترسدا عقلانی و گرنگە، بە هەمان شێوەش بۆ منداڵان گرنگە بۆ نمونە (راسڵ) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:"ڕۆژێکیان کاتێک لە کەناری لێژاییەکی گەورە دانیشتبوین، لەسەرخۆ بۆ منداڵەکەمان باسکرد کە ئەگەر لێرەوە بکەویتە خوارەوە تێکدەشکێیت، هەروەک چۆن دەفرێک بەربێتەوە تێکدەشکێت. ماوەیەک بێدەنگ بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت(کەوتنەخوارەوە! تێکشکان!) دواتر گوتی با دوربکەوینەوە لەم کەنارە ترسناکە"(ڕەسڵ، 2018: 147)، ئەمە ستراتیجی نەرمی و کارامەییە بۆ مەمەڵەکردن لەگەڵ ترسدا.

رێگایەکی دیکە بۆ روبەڕوبونەوی ترس بریتییە لە چالاکی دەست و بەرجەستەکردنی، (راسڵ) بۆ ئەم مەبەستە سود لە شیکاری دەرونی (دکتور رفرز) دەبینێت لە کتێبی(الغريزة و العقل الباطن) کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات یەکێک لە رێکارەکانی بەرەنگاربونەوەی ترس بریتییە لە چالاکی دەست و بەرجەستە. لەم رێگەیەوە ئەو ترسانەی لای منداڵ دروست دەبێت دەرەوێتەوە بەو پێیەی (راسڵ) دەڵێت" چالاکی دەست و جەستە شارەزاییەکی بەنرخە، رێزلەخۆگرتن و هەوڵدان پێکەوە چالاک دەکات، پلە بە پلە لە ترسەوە دەمانگەیەنێت بە کارامەیی" (ڕەسڵ، 2018: 154).

سێیەم: یاری و ئەندێشە Play and fancy

یەکێک لەو پێناسانەی بۆ پەروەردە دەکرێت لە دیدی (راسڵ)دا بریتییە لە:"ڕەنگرێژکردن و چاندنی خەون و ئومێدەکان و گەشەپێدانیان"(ڕەسڵ، 2018: 170)، بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی گرنگی پەروەردەی ئاکاریی وابەستە دەکات بە یاریکردنی منداڵ و ئەندێشەکردنەکانیەوە چونکە پێداویستییەکی هێزە بنەرەتییەکانی پەروەردەیە کە زیندویەتییە، دەتوانرێت بەهۆیانەوە زۆریک لە خەون ئومێدەکان لە منداڵاندا گەشەپێبدات. ئەم تێڕوانینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. کە یاریکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە خۆرسکەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ لە بچوکیدا، بەڵام لە مرۆڤدا ئەندێشەکردنیشی

لەگەڵدایە. یاریکردن و خەیاڵ لە گرنگترین پێداویستییە گرنگەکانن کە یارمەتی منداڵ دەدەن لە پرۆسەی گەشەکردندا بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی و زانیاری نوێ لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵانەی کە لە ڕێگەی یارییەکەیانەوە وەریدەگرن، لەبەر ئەوە پێویستە دەرفەت بۆ یاریکردن دروست بکرێت تاوەکو منداڵەکان بە تەندروستی و بەختەوەر پەروەردە بکرێن، بەبێ گوێدانە بارودۆخەکانیان.(منى، 2022: 36)، چونکە منداڵ چێژێکی زۆر لە یاریکردن و ئەندێشەکانی وەردەگرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چێژە بۆ تێرکردنی ویستە خۆرسکەکانی نییە، بەڵکو "منداڵ هێزێکی خۆرسکی تێدایە بۆ فێربوون"(ڕەسڵ، 2018: 170).

بێگومان تێڕوانینی (راسڵ) بۆ یاری و ئەندێشەکردن وەڵامی هەندێک لە دەروونناسان دەداتەوە کە دەیانەوێت سیمبولێکی سێکسی بدەنە پاڵ یاریکردن. بەڵکو خودی یاریکردن ئارەزویەکی منداڵانەیە. کە دەیانەوێت لە تەمەنی خۆیان گەورەتربن، هێز بنوێنن، کەواتە سێکس پاڵنەری یاریکردن نییە، بەڵکو ویستی هێزە لەپاڵ ئەمەشدا چێژ لە دروستکردنی تێقاندنیش دەبینێت، هەروەها زیاتر حەزی لەو یاریانەیە کە ماسولکەکانیان و هێزیانی تێدا بەکاردێت(رسل، د.ط.1: 90).

چوارەم: تایبەتمەندی گەشەکردن Constructiveness

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردەی (راسڵ) بریتییە لە لایەنی هەستیاری لە مرۆڤدا، بێگومان لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵگەدایە کە ئامانجی هەموو پرۆسەیەکی پەروەردە ئامادەکردنی مرۆڤە، هەستیاریش وەک ئامانجێکی سەرەکی لە ڕێگەی گەشەپێدانی نێو پەروەردەی ئاکاری (راسڵ) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ ئامادەکردنی مرۆڤێک وادەکات دانایی ببێتە بە شێک لە کەسێتی. ئەمەش ئەنجامی پەروەردە و گەشەپێدانی دەرونی و جەستەیی و کلتوری و کۆمەڵایەتییە.(منى، 2022: 36).

لەبەر ئەوە تێڕوانینی (راسڵ) بۆ ئاکار لە نێو ڕێبازە زانستییەکەیدا پێویستی بە تێگەیشتنە لە پەیوەندی هەست و سۆز و ئارەزووەکانی مرۆڤ هەروەها پەیوەندیان بە ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بکرێت و ئاراستە بکرێت بەرەو چاکە و چاکەکاری، ئەوا پێویستی گەشەپێدان لە نێوپەروەردەدا دەردەکەوێت لە لایەنەکانی دەرونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە(عويصة، 1993: 20).

کارکردنی (راسڵ) بۆ گەشەپێدانی منداڵ لە پێناسەی منداڵەوە سەرچاوەدەگرێت کە دەڵێت:"بونەوەرێکی زیندوی نەرمونیانی ناسکە، کارکردن لەسەر ئەم بونەوەرە پێویستی بە نەرمی و سۆز هەیە، بۆیە کاتێک دەمانەوێت منداڵ گەشە بکات پێویستە دەرفەتی بدەینێ و هەوڵی ئەوە بدەین بە نەرمی پەراوەی پێبکەین"(ڕەسڵ، 2018: 189).

پێنجەم: خۆپەرستی و خاوەندارێتی Selfishness and property

یەکێک لە پاڵنەرە بە هێزەکانی هەڵسوکەوتی منداڵ بریتییە لە خۆپەرستی، هەندێک لەو خۆپەرستیانە خۆرسکییەو زۆرینەشیان پەسەندنین، لەم دۆخەدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە بەرهەڵستی ئەو سروشتەی منداڵ نەکەین و لەهەمان کاتیشدا نابێت فەرامۆش بکرێن چونکە دەرونی مرۆڤ وەک گاز وایە بەردەوام دەکشێت گەر ئاستەنگی دەرەکی بۆ دانەنرێت، ئامانجی پەروەردەش لەم دۆخەدا دانانی ئەو ئاستەنگییە دەرکیانەیە لەسەر خوو هزرکردنەوەو مەیل و هۆشی منداڵ دەردەکەون(منى، 2022: 36). لەبەر ئەوەشە (راسڵ) بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە دانانی ئە

ئاستەنگیانە نابێت بە شێوەی لێدان و سزابێت بەڵکو پوختەی هزرۆکەکە بریتییە لە دادپەروەری نەک قوربانیدان بە خود، واتە لە هزرو هۆشی منداڵدا پێویستە دادپەروەری بچێنرێت نەک فێری ئەوە بکرێت قوربانی بەبەشەکەی خۆی بدات(ڕەسڵ، 2018: 193-192).

کەواتە چارەسەری پێویست بۆ چەسپاندنی دادپەروەری لە هۆش و هزری منداڵدا بریتییە لە تێکەڵاوبونی لەگەڵ منداڵانی تر تاوەکو فێری گوێڕایەڵی و ئەرک و ماف بکرێت و نابێت منداڵ ماوەیەکی زۆر بەتەنهابێت و تێکەڵاوی منداڵانی تر نەبێت، ئەمە وای لێدەکات هەموو شتێکی بۆ دەچێتە سەرو هیچ مانایەکی دادپەروەری لەلا نامێنێت. هەستی خاوەندارێتی(حاسة الملكية) پەیوەندی توندوتۆڵی بە دادپەروەرییەوە هەیە کە پێویستە ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە لێسەندنەوەی هێزی خاوەندارێت لە منداڵ کارێکی ژیرانە نییە بگرە ترسناکیشە(منی، 2022: 37).

شەشەم: ڕاستگۆیی Truthfulness

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردە بریتییە لە ڕاستگۆیی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ کە بۆ چاکەکاری ئاراستەی دەکات. بەشێوەیەکی گشتی ڕاستگۆیی بریتییە لە گونجانی دەربڕینەکان لەگەڵ واقیعدا بەپێی هزروباوەڕی قسەکەر(صليبا، 1385، 723). بەڵام لە دیدی (ڕاسڵ)دا سەرباری ئەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکی پەروەردەی مۆدێرن بریتییە لە ڕاستگۆیی، ئاماژە بەوەش دەدات کە ڕاستگۆیی تەنها گونجانی دەربڕینەکان نییە لە گەڵ واقع بەڵکو پێویستە ڕاستگۆیی لە هزرو هزریشدابێت، بۆ نمونە کەسێک درۆ دەکات و هەست دەکات کە درۆ دەکات، باشترە لەوەی درۆ دەکات و خۆی دەخەڵەتێنێت و لە وەهمێکدا دەژی.

ڕەنگە درۆکردنەکانی منداڵ شتێکی وەرگیراوبێت لە گەورەکانەوە، کاتێک درکی بەوەکرد درۆی لەگەڵ دەکەن وا هەست دەکات ترسێک لە پشتی ئەم درۆکردنەوە هەیە، بۆیە کاریگەری لەسەر منداڵەکە دەبێت و دەست دەکات بە درۆکردن(ڕەسڵ، 2018: 202-201).

**حەوتەم: سزادان Punishment**

(ڕاسڵ) ڕەخنە لە شێوازەکانی پەروەردەکردنی پێشوو دەگرێت لە بارەی بەکارهێنانی سزاوە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ، هەروەها ڕەخنەش لە (ژان ژاک ڕۆسۆ) دەگریت کە دەڵێت لێگەڕێن سروشتی منداڵ خۆی چۆنە پێویستە لەرێگەی پەروەردەی نێگەتیڤەوە. کە ئامانجی پاراستنی سروشتی پاکی مرۆڤە پەروەردە بکرێت(قەرەچەتانی، 2016، 22)، بەڵام سزادانی منداڵ هەر هەبووە دەکرێت بڵێین بە شێوەی سروشتی. سەرباری ئەم ڕەخنانەی (ڕاسڵ) شێوازی پەیرەوکردنی سزای (مدام مۆنتسۆری) بە پەسەند دەزانێت، کاتێک دەیبینی منداڵەکە بە ئەنقەست هاوتەمەنەکانی بێزار دەکات، بەو شێوەیە سزای دەدا کە یارییەکانی لێ قەدەغە دەکرد(محجوبة،2023 : 55-54). بە شێوەیەکی گشتی لە پەروەردەی (ڕاسڵ)دا سزادان لە پلەی دووەمدایە بایەخێکی ئەوتۆی پێنادات هێندەی ئەوەی ڕەتی دەکاتەوە، بە تایبەت ئەو سزایانەی کە توندوتیژی و لێدانی تێدابێت بەڵکو لە بەرامبەر سزادا (ڕاسڵ) ئاماژە بە ستایش و سەرزەنشتکردن دەکات کە دوو جۆری سزان(ڕەسڵ، 2018: 217-216).

هەشتەم: گرنگی هاوڕێیەتی بۆ منداڵ Importance of the other children

هاورێیەتی و تێکەڵاوبونی منداڵ یەکێکە لە گرنگترین شتەکان کە یارمەتیدەرە لە پەروەردەکردنی منداڵ تاوەکو بوێری بەدەستبهێنێت، بەهاوکاری هاوتەمەنەکانی فێری دادپەروەری و دەستپاکی و ڕاستگۆیی زۆر شتی تر دەبێت(منی، 2022: 38). هەندێک بابەت منداڵ ئەگەر یارمەتیشی نەدرێت فێری دەبێت، بۆ پێکهێنانی ڕەفتاری ئاکاری دروست، بەڵام هەندێک بابەتی دیکە ناتوانرێت بەبێ یارمەتی هاوتەمەنەکانی فێری ببێت، ڕەنگە ئەم تێکەڵاوبونە لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی یەکەمدا پێویست نەبێت هێندەی ئەوەی لە ساڵەکانی دواتردا پێویستی دەبێت(محجوبة،2023 ، 55). بە تایبەت (راسڵ) جەخت لەسەر منداڵی تەمەن سێ ساڵ تا شەش ساڵ دەکات کە ئاکارەکان لە منداڵانی لە خۆیان گەورەترەوە فێردەبن، منداڵ لە ڕێگەی لاسایی کردنەوەی کەسانی دەوروبەری فێری ڕێزدانان و شکۆدانان دەبێت. بەتایبەت لە تەمەنی چوار ساڵیدا زیاتر لە مامۆستاکانی لە منداڵی تەمەن گەورەتر لەخۆیەوە فێردەبێت. سەرباری ئەمانە (راسڵ) ئاماژە بە خێزانی بچوک دەکات کە دەڵێت نیشتیمانێکی لاوازە بۆ فێربونی منداڵی بچوک لە منداڵی گەورەترەوە لەبەر ئەوە گرنگی باخچەی منداڵان بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم لایەنە زۆر گرنگە(ڕەسڵ، 2018: 222-223).

نۆیەم: سۆز و خۆشەویستی Affection and sympathy

لە دیدی (راسڵ)دا خۆشەویستی و زانین دوو بنەمای سەرەکین بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، خۆشەویستی لە پەروەردەدا خۆی دەبینێتەوە لە مامەڵەی گونجاوی دایک و باوک و بەخێوکەر لەگەڵ منداڵ لەپێناو گەشەپێکردنیان کە خۆشەویستییەکی باش بەرهەمدەهێنێت، خۆشەویستی نابێت وەک ئەرک دەربکەوێت، بەڵکو دەرەنجامی هەوڵ و ماندوبون و باشییەکانە وا لە منداڵ دەکات کە خۆشەویستی لای گەشەبکات(منی، 2022: 56). سەرباری ئەوەی تارادەیەک وەک گرنگی خۆشەویستی لە پەروەردەدا ئاماژەمان پێداوە لە پەروەردەی (راسڵ)دا بۆ ئەوەی خۆشەویستی بچێتە خزمەتی پەروەردە ئاکارییەکەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە زانین و زانستێکی گشتی هێز بە ئاکاری پتەوو چەسپاو دەدات، لەبەر ئەوە گرنگە هەرکاتێک زانینێک یاخود زانستێک فێری منداڵ دەکرێت ئاگاداری هەندێک لایەن بین تاوەکو لەرێگەیانەوە منداڵ بتونێت گەشە بکات نەک بەپێچەوانەوە. بۆ نمونە نابێت دڵرەقی و شەرو شۆرو جەنگەکان لە تەمەنێکی سەرەتادا، هەروەها ئەو روداوانە بۆ منداڵ باس بکرێت کە لەگەڵ تاوانلێکراودایە نەک تاوانبار، پێویستە سۆزی بۆلای لایەنی ستەملێکراو رابکێشرێت. زیاتر لە هەموو ئەمانە کاتێک چیرۆکێک یان روداوێک بۆ منداڵ باس دەکرێت نابێت هەوڵبدرێت لایەنە شاراوەکانیشی بۆ شیبکرێتەوە، بەڵکو رێگە بە منداڵەکە بدرێت خۆی هزر لەو لایەنە بکاتەوە و دیوە شاراوەکانیان هەڵبهێنجێت(ڕەسڵ، 2018: 250-248).

دەیەم: پەروەردەی سێکسی Sex education

پرسی پەروەردەی سێکسی بە بابەتێکی هەستیار دادەنرێت، رەخنەی (راسڵ) ئەوە لە سەردەمەکانی پێشوو دەگرێت کەبابەتی سێکس بە خورافات و قەدەغەکراو مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەڵام لە راستیدا پێویستە گرنگی بە پەروەردەی سێکسی بدرێت چونکە بەشێکی دانەبراوە لە سروشتی مرۆڤ و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی ئاکاری و دەروونی منداڵدا لەبەر ئەوە پێویستە لە چوارچێوەی پەروەردەی ئاکاریدا بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا بکریت(Russell، 1932: 117). بەڵام سەرباری ئەمان رەخنە لە شیکارییە دەرونییەکان بەتایبەت فرۆیدییەکان

دەگرێت لەبارەی تێڕوانینەکانیان بۆ حەزە سێکسییەکان منداڵ، بەڵکو بە تێڕوانینی بوێری ئازایەتی ناوەڕۆکی ئەم بابەتەیە. ئاماژە بەوە دەکات کە حەزە سێکسییەکان بە شێوەیەکی سروشتی لە ماوەی ساڵی سێیەمدا دەستپێدەکات ئەویش لە ئەنجامی هەستکردن بە جیاوازی جەستەی کوڕ و کچ و جەستەی منداڵ و گەورە، ئەم حەزانەی منداڵ لە دیدی (راسڵ)دا هێندە مەترسیدارنین بەڵکو بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. لەسەرەتادا پێویستە دایک و باوک و خوشک و براکان، بەڕێکەوت بە ڕووتی منداڵ دەیانبینن بە ئاسایی وەربیگرن هیچی لێنەشارنەوە، تاوەکو ئەو هەستەی لا دروست نەبێت کە ڕوتی کارێکی نابەجێ و قەدەغەکراوە، دواتر خۆی تێدەگات کە کەس حەزناکات بە ڕوتی دەربکەوێت(ڕەسڵ، 2018: 257). وا باشترە هەندێک دەرفەت بقۆزرێتەوە کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا منداڵ بە ئاسایی و سروشتیدا یەکتر و دایک و باوکیان ببینن بە روتی ئەمە دەبێتە هۆکارێک لە تەمەنی دواتردا روتی بۆی نابێتە پرسیار. ئیدی دەکرێت ئەم دۆخە لە کاتی سەیرا و چونە دەرەوەی شاردا روبدات بەتایبەت لەم کاتانەدا کە بەرکەوتنی تیشکی هەتاو کاریگەری باشی هەیە(رەسڵ، 2021: 113)

**یازدە: دایەنگە The nursery school**

(راسڵ) لە پەروەردەکەیدا زۆر گرنگی بە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن دەدات، بەتایبەت دایەنگەو باخچەی منداڵان، چونکە وای دەبینێت خێزان رەنگە نەتوانێت ئەو شێوازە زانستییە لە پەروەردە بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن بە تایبەت لە شەش ساڵی سەرەتای منداڵدا، بێگومان لە پێناو ئەوەدا کە منداڵ بەو خووانە پەروەردەبکرێت کە لە پاشەرۆژدا سودمەند و بەختەوەربێت. ئەم ئەرکەش بەشی هەرەزۆری زیاتر لە دایک و باوک کاری فێرگەیە. بە تێڕوانینی برتراند (راسڵ) کاری دایەنگەو باخچەی منداڵانە بتوانێت شێوازێکی پەروەردەی زانستی مۆدێرن دەستەبەر بکات. بە تایبەت دایەنگە دەتوانێت پەروەردەیەک لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ منداڵان دابین بکات. کە لە توانای خێزاندا نییە دابینبکات.

باسی دووەم: پەروەردەی هزر

قۆناغی دووەمی پەروەردەی (برتراند راسڵ) بریتیە لەپەروەردەی هزر، ئەم پەروەردەیە پێش ئەوەی مرۆڤ بگاتە تەمەنی چواردە ساڵی دەست پێدەکات ئامانجی بەدەستهێنانی زانیارییە و دروستترە ناوی بنێین فێرکردن(تعلیم)نەک پەروەردە، (راسڵ) ئەم جۆرەی پەروەردە پەسەند دەکات چونکە پێگەکەی زیاتر مەیلی بەرەو زانینی فیکرییە نەک پەروەردەی فیکری، دەبێت بە تەواوی لە پەروەردەکردنی ئاکاری جیابێت. پەروەردەی فیکری ئەو دیدگا و تێڕوانینە هەمەلایەنە بۆ کۆمەڵێک ئامانج و بنەمای فیکری کە قووڵتر دەبێتەوە لە پەروەردەدا بۆ ئەوەی لە سروشتی مرۆڤ و سروشتی کۆمەڵگا و پەیوەندی دیالێکتیکی نێوانیشیان تێبگەین(رسل، د ط.2: 15-13).

ئەم قۆناغەی پەروەردەکردنیش کاتێک دەتوانێت ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت کە پەروەردەی ئاکاری لە شەش ساڵی یەکەمی پەروەردەی منداڵیدا (وەک ئەوەی تاراددیەک لە پێشودا ئاماژەمانپێداوە) بتوانێت لەو بوارانەدا منداڵ پەروەردە بکات، ئەوکات پەروەردەی هزری کە لە تەمەنی چواردەساڵییەوە دەست پێدەکات دەتوانێت بەردەوامی بەو شێوازە لە پەروەردە بدات کە لە فەلسەفەی پەروەردەی (راسڵ)دا داوادەکرێت بۆ گەیشتن بە شێوازێک لە پەروەردە کە مرۆڤ بکاتە خاوەنی هزری ئازاد. کەواتە لە قۆناغی چواردە ساڵی بەولاوە ئەگەر زەمینەی شەش ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ گونجاوبێت وەک ئەوەی (راسڵ) ئاماژەی پێدەکات ئەوا لە قۆناغی دووەمی پەروەردەکردندا پێویست ناکات کاتێکی زۆر

تەرخان بکرێت بۆ پرسە ئاکارییەکان بەڵکو لە پەروەردەی هزردا (راسڵ) گرنگییەکانی پەروەردەی هزر و هزری کراوە کورت دەکاتەوە لە باوەڕبوون بە گەیشتن بە زانین ئەگەر سەختیش بێت، پێویستی بە ئارامی، ڕژدی، وریایی و وردبینیە. (هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە تارادەیەک ئاماژەمان بەوە داوە). کەوا پەروەردەی هزر لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە دەست پێدەکات بەڵام قۆناغی دوای شەش ساڵی هەتا چواردەساڵی لە دیدی (راسڵ)دا فەرامۆش ناکرێت بەڵکوگرنگی زۆری پێدەدرێت، بە ڕێبازی خوێندن بەرلە تەمەنی چواردەساڵی باسی لێوەدەکات وەک دەسپێکێک بۆ قۆناغەکانی دواتری پەروەردەی هزر(ڕەسڵ، 2018: 279-277)

**ڕێبازی خوێندن بەر لە تەمەنی چواردەساڵی:**

(راسڵ) لەم قۆناغە دۆزینەوەی مەیل وئارەزووکانی منداڵە بە فێرکردنی پرەنسیپە سادەکانی هەر زانستێک، بە شێوەیەک ئەوەی لەم کاتەدا بە منداڵ دەوترێت هێندە زانیارییەکان سادەیە کە پێویستە هەموو کەسێک بزانێت، بۆ نمونە ئاساییە هەموو کەسێک و منداڵیش لەم تەمەنەدا هەندێک زانیاری سەرتایی هەبێت لە بارەی تەندروستی، فیسیۆلۆجی و هزرکاری یان هەر زانستێکی تر، بەڵام قوڵبونەوە لەم زانستانەدا چۆن بۆ کەسانی ئاسایی قورس و گرانە هەمان شێوەش بۆ منداڵیش دەبێت بچێتە دوای تەمەنی چواردە ساڵی و جیاکردنەوەی مەیل و ئارەزووەکانی بۆ هەر پسپۆرییەک.

بۆ ئەم مەبەستە (راسڵ) کۆمەڵێک هەنگاو دیاری دەکات کە دەکرێت وەک بنەمای سەرەکی پەروەردەی ئەم قۆناغە پەیڕەوی لێبکرێت:

1. پشوو درێژی و کارامەییەکانی مامۆستا کاری لە پێشینەیە چونکە وردی (Precision)ی منداڵ بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەم قۆناغە زیاد دەکات.
2. هەر وانەیەک و هەر زانستێک پێویستە پشت بەست بە ئامرازی فێرکردنی گونجاو فێری منداڵ بکرێت تاوەکو سەرنجی رابکێشێت و حەزی بۆی هەبێت، بۆ نمونە وانەی مێژوو لە ڕێگەی چیرۆکەوە منداڵ ئارەزوی دەکات. وانەی جوگرافی لە ڕێگەی وێنەوە منداڵ ئارەزوی دەکات و دەبێتە خۆراکی ئەندێشەی منداڵ.
3. گرنگە بۆ فێربونی بابەتەکان رەچاوی تواناو تەمەنی منداڵ بکرێت بۆ هەر بابەتێک، بۆ نمونە وانەی مێژوو پێویستی بە تەمەنێکی هەڵکشاوترە بەراورد بە وانەی جوگرافیا.
4. هەوڵ بدرێت منداڵ فێری زمانی نوێ و زمان پاراوی بکرێت لەم تەمەنەدا.
5. منداڵ فێری دژایەتی درندەیی و توندوتیژی بکرێت، وا فێربکرێت هەموان پێکەوە مافی ژیانمان هەیە بێ جیاوازی لەسەر ئەم زەوییە بە یەکسانی.
6. ئەو بابەتانەی گرنگی تایبەتیان بۆ ژیان هەیە وەک ئاژەڵداری و کشتوکاڵ پێویستە منداڵ بە شێوەی ئەزمونی و مەیدانی فێربکرێت تاوەکو دابڕان لە نێوان خۆی و ژیاندا دروست نەکات(Russell، 1948: 204-215).

**ساڵەکانی دواین قۆناغی خوێندن:**

(راسڵ) وای دەبینێت لە تەمەنی چواردەساڵیدا دەتوانرێت تایبەتمەندی منداڵ دیاری بکرێت بەپێی حەزو ئارەزوی منداڵ، هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە هەندێک لە منداڵان رەنگە بتوانرێت پێش ئەو تەمەنەش دیاری بکرێت، یان هەنێکی

دیکە کەناتوانرێت تایبەتمەندیان لە چواردەساڵیشدا دیاری بکرێت ئەمانە پێویستە لە خوێندنە پیشەییەکاندا درێژە بە پەروەردەکردن بدەن. بەڵام بە شیوەیەکی گشتی لە تەمەنی چواردەساڵیدا دیاری بکرێت بە تایبەت ئەوانەی زیرەکیان لە سەرو مامناوەندەوەیە.

لەم قۆناغەی گرنگترین بەرنامەی خوێندن بریتییە لە میتۆدی وانەوتنەوە، بناغەی سەرەکی ئەم بوارەش ئەوەیە چون وابکەین خوێندن شەوقداربێت، بەمەرجێک نەبێت بە گاڵتەجاڕی؟ شێوازی گفتوگۆی قوتابی و رێگەدان بە دەربڕینی ڕاو بۆچونەکانیان و گفتوگۆکردنی ئەو زانیاریانەی کە هەیانە ئاسۆی هزری فێرخواز فراوان دەکات. کە ئەمە مەبەستی سەرەکی پەروەردەی هزرە لەم قۆناغەدا، ئەم گفتوگۆیانە بەهایەکی زۆر گەورەیان هەیە، بۆیە پێویستە مامۆستا درک بەوە بکات کە لایەنگیری نەکات بواری گفتوگۆی بێلایەنانە بڕوخسێنێت. چونکە ڕاهێنان و مەشقکردن بەبێ گرنگیدان بە هزر هەڵەیەکی کوشندەیە.

سەربڕای بواری دروستکردنی گفتوگۆ (راسڵ) بۆ خزمەتکردنی پەروەردەی هزری فێرخواز ئاماژە بەوە دەکات. کە کاتی تەرخانکراو بۆ فێربوون دەبێت بە شیوەیەک دابەشبکرێت کە پشکی کاتی کاری تەنهایی زیاتربێت لە کاری هەرەوەزی، تاوەکو دەرفەتی ئەوە بە خوێندکار بدرێت لەسەر ئەو زانیاریانەی وەریدەگرێت پەیامێکی هەبێت، زانیارییە بەدەستهاتووەکانی تۆماربکات، ئەمەسەربڕای رەخساندنی ژینگەی فێربونی گونجاو.

یەکێکی تر لەو شێوازانەی لەم قۆناغی پەروەردەی هزردا گرنگی پێدەدرێت بریتییە لە فێرکردنی منداڵ گەیشتن بە راستی کە رۆحی زانست پێکدەهێنێت، ئاکارێکی عقلانی تێدایە و بەرەهایی قسەناکات، بەڵکو پێویستی بە شیکاری لۆژیکییە بەبێ بەڵگە و ئارگومێنت بانگەشەی راستی ناکات. هەروەها هەرچەند لەم قۆناغەدا خوێندکار دەبێت سەرکێشی هزر ئەنجام بدات و توێژینەوە لەبارەی ئەو بابەتانەوە بکەن کە دەیانهرووژێنن، لەبەرامبەریشدا بنەمای پاداشت و هاندان گرنگی زۆری پێبدرێت و سوپاس کردن بۆ سەرکەوتن و لە کاتی هەڵەکردنیاندا ئاگاداربکرێنەوە(ڕەسڵ، 2018: 316-306).

**خوێندنی زانکۆ:**

بە یەکێک لە قۆناغە تەواوکەرەکانی پەروەردی هزر دادەنرێت، (راسڵ) پیی وایە فێربون تا تەمەنی بیست و یەک ساڵ بیست و دوو ساڵ سودێکی زۆرتری هەیە، چونکە لە لایەک ئامادەکردنی کارەکتەرەکانە بۆ پیشەگەلی جیاواز ، لەلایەکی دیکەوە دەرفەت بۆ خوێندن و قڵبونەوەی زیاتر بۆ هەندێک لە فێرخوازە بە تواناکان دەرەخسێنێت(ڕەسڵ، 2018: 325-326). ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی زیاتر بۆ رەخساندنی پەروەردەی هزر. ئەمە سەربڕای ئەوەی کە (راسڵ) داوای ئەوە دەکات کە زانکۆ دەبێت ببێتە شوێنی کەسانی خاوەن بەهرە، هەروەها تایبەتمەندی خۆی هەبێت لەروی کارامەیی و لێهاتویی مامۆستا و لە روی رەخساندنی دەرفەت بۆ فێرخوازی بە توانا چ لە روی ژینگەی گونجاو چ لە روی تێچو لایەنی ئابورییەوەبێت(محجوبة، 2023: 63).

پەیوەندی هزری ئازاد و پەروەردە

چەمکی هزری ئازاد وەک بەردی بناغەی پێشکەوتنی لایەنی هزر و ئاکار دادەنرێت. تیۆروانینەکانی (راسڵ) لەسەر ئەم بوارانە جەخت لەسەر گرنگی پرسیارکردن لە دەسەڵات و ڕەتکردنەوەی دۆگما و هاندانی لێکۆڵینەوەی عەقڵانی دەکەنەوە. خاڵە سەرەکییەکان لەسەر هزرکردنەوەی ئازاد لەلایەن (برتراند راسل) بریتییە لە:

1- ڕەتکردنەوەی دۆگما: (راسڵ) ئاماژەی بەوەدا کە هزری ئازاد پێویستی بە گومان هەیە بەرامبەر بە هزروباوەڕەکان، جا لە ئایین، نەریت، یان ئایدۆلۆژیای سیاسییەوە بێت. پێیوابوو هزروباوەڕی دۆگمایی ڕێگری لە پێشکەوتنی هزری و کۆمەڵایەتی.

2- لێکۆڵینەوەی عەقڵانی: هزرکردنەوەی ئازاد بریتییە لە بەکارهێنانی عەقڵ و بەڵگە وەک بنەمایەک بۆ هزروباوەڕەکان نەک پشت بەستن بە هەست و نەریت، یان باوەری کوێرانە. لە ڕوانگەی(راسڵ)دا شێوازی زانستی مۆدێلێکە بوو بۆ ڕێبازی هزری ئازاد.

3- بەهای گومان: (راسڵ) گومانی وەک چاکەکاری دەبینی نەک لاوازییەک. ئەو پێی وابوو کە بوێری بۆ پرسیارکردن و پێداچوونەوە بە هزروباوەڕەکانی مرۆڤ بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکان زۆر گرنگە.

4- سەربەخۆیی تاک: پاڵپشتی سەربەخۆیی هزر دەکات، هانی مرۆڤ دەدا بۆ خۆیان هزربکەنەوە نەک هزرۆکەکان بە شێوەیەکی نادیار لە دەسەڵات یان نەریتەکانی کۆمەڵگا وەربگرن.

لە ڕوانگەی (راسڵ)دا هەموو ئەوەی ئاماژەی پێدراوە دەبێتە هۆکاری هێنانەکایەی هزرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە بنەماکەی شرۆڤەی لۆژیکییە، دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ئاشکراکردنی نادادپەروەرییەکان و بەرەوپێشبردنی دادپەروەری و پەروەردەکردنی کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای عەقڵ و لێبوردەیی دامەزرابێت. (راسڵ) لە وتارەکەیدا (بەهای هزری ئازاد)دا جەخت لەسەر مەترسییەکانی سەرکوتکردنی هزری ئازاد دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە پێشکەوتن لە زانست و سیاسەت و ئاکاردا پەیوەستە بە ئازادی هزرکردنەوە و پرسیارکردن و گەڕان بەدوای هزرۆکەی نوێ(Russell,1922: 10-16).

لە بنەڕەتدا (راسڵ) هزری ئازاد وەک پێشمەرجێک بۆ کۆمەڵگایەکی گەشەسەندوو و پێشکەوتنخواز دەبینی، بانگەشە بۆ ئازادی هزر دەکات هەم وەک بەرپرسیارێتییەکی کەسی و هەم وەک پێویستیەکی کۆمەڵایەتی.

لە ڕوانگەی (راسڵ)ەوە هۆکاری سەرکەوتنی پەروەردە لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە ئازادییەوە لە سەرجەم کایە زانستییەکاندا، پاشان ئەرکی پەروەردەکردن دەکەوێتە سەرشانی خێزان دواتر دەوڵەت، بەچەشنێک پەروەردەکردنی دایکان و باوکان لە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵدا وەک هاوکارییەکی زۆرباشی دابینکردنی دەرفەتی باشن بۆ منداڵەکانیان(وهيبة، 2016: 43)

(راسڵ) لە درێژەی تیۆروانینەکانیدا لە بارەی پەروەردە و هزری ئازاد جەخت لە دوو خاڵی سەرەکی دەکاتەوە کە وەک کەموکورتی و هۆکاری لەنگی پەروەردە و هزری ئازادا لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا داوای دورخستنەوەیان دەکات لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، ئەوانیش بریتین لە ئاین و سیاسەت، چونکە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانی بەسەردادێت(صابر، احمد، 2024: 115) لەبەر ئەوە (راسڵ) پێیوایە سیستمی فێربونی خراپ چاک ناکرێت تا گۆرانکاری نەکرێت لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و ئاینیدا، بەپێویستی دەزانێت کە

ئەرکی فێرکارە هەوڵی دورخستنەوەی ئاین و سیاسەت بدات لە کاتی فێربوندا، ئەمە وادەکات خوێندکار وانەکانی بخوێنێت بۆ پێگەیاندنی خودی خۆی نەک بۆ بۆ بەرژەوندییەکی تر(وهيبة، 2016: 76). بەڵکوپێویستە شێوازێک لە پەروەردە بایەخی پێبدرێت کە لێبوردەیی بنەمای سەرەکی بێت بەو واتایەی دانپێدانانی هەموان بەوەی کە هیچ لایەنێک بە شێوەیکی رەها خاوەنی راستییەکان نییە.(Al-Yasiri, Hussein, 2025:645)

**ئەنجام:**

فەلسەفەی پەروەردەی (برتراند ڕاسل) پەیوەستە بەسیستەمی کۆمەڵایەتی و ئازادی مرۆڤ لەسەر بنەمای پابەندبوونێکی قووڵ بە ئازادی هزر و هزرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دامەزراوە. ئاماژەی بەوەدا کە پەروەردە نابێت تەنها ئامانجی گواستنەوەی زانست بێت، بەڵکو پەرەپێدانی توانای هزرکردنەوەی عەقڵانی و هزری کراوە بێت. لە ڕێگەی داکۆکیکردنی لە سیستەمێکی پەروەردەی زانستی کە گەشەپێدانی لایەنی زانینی و سۆزداری و جەستەیی و کۆمەڵایەتی لە خۆبگریت لە چوارچێوەی هەردوو پەروەردەی ئاکاری و پەروەردەی هزردا.

گرنگتری ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- پەروەردەی ئاکاری دەبێت هاوسۆزی و زیرەکی سۆزداری پەروەردە بکات، یارمەتی تاکەکان بدات بە میهرەبانی و بەرپرسیارێتی پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بونیادبنێن. لەپێناو داکۆکیکردن خۆشگوزەرانی مرۆڤدا.

2- (راسل) پەروەردەی بە کلیلی ئازادی هزر دەبینی. کەسێتی مرۆڤ بە پەرەپێدانی هزرکردنەوەی ڕەخنەیی و ئەنجامگیری ئاوەزی دەتوانرێت پەرە بە کولتووری هزرکردنەوەی ئازاد بدرێت کە بۆ پێشکەوتن و فراوانکردنی ئازادی مرۆڤ پێویستە.

3- پەروەردەی ئاکاری و پەروەردەی هزر دەبنە بنەمایەکی بەهێز بۆ کەسێتی مرۆڤێک کە لە ئاستی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەدابێت لەپێناو بونیادنانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئازاد و دادپەروەرانە بۆئەوەی ئازادی و خۆشگوزەرانی بەدیبهێنێت.

**سەرچاوەکان:**


1. ڕەسڵ، بێرتراند، (2017) ئایین و زانست، وەرگێرانی: حوسێن حوسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
2. ڕەسڵ، بێرتراند، (2018) دەربارەی پەروەردەکردن، وەرگێرانی: جیهاد محمد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
3. ڕاسل، برتراند، (ب. س) ڕەوشت و سیاسەت لە کۆمەڵگەی مرۆیدا، وەرگێرانی: بەهرام محمد- کاکل، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
4. ڕەسڵ ، بێرتراند، (2020) جیهانبینی زانستی، وەرگێرانی: حوسێن حوسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
5. رەسڵ، بێرتراند، (2021) هاوسەرایەتی و ئەخلاق، وەرگێرانی: دڵشاد خۆشناو، ئاسۆ ئیسلامپەنا، چاپی دووەم، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.
6. صابر ،نیان نامق، احمد، نەبەز ازور .(2024). ڕۆڵی بەهای ئاینی لەسەر شوناسی گەنجان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(78) بەرگی(2)، 134-113.

7. عبدالله، ئاسۆ ابراهیم و محمد، هیوا یاسین. (2024). ڕاڤەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تاوانە خێزانییەکان بە کاریگەری فاکتەرەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و پەرگیری هزری، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(76) بەرگی(1)، 36-11.
8. عبدالله، ئاسۆ ابراهیم و سالح، سەرنج عەزیز. (2024). خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی- مێژووی گەشەسەندنی و شێوازەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(76) بەرگی(1)، 142-129.
9. فرج، محمد نجاة، قادر، ئەڤین خالید. (2024). پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ڕوانگەیەکی تیۆری، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(75) بەرگی(1)، 79-63.

10. قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (2016) سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دووەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
11. محمد، احمد علی حمە، نوری، عادل محمد، یحی، سلام حسین. (2024). ڕۆڵی جیهانگیری لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە(78) بەرگی(1)، 85- 99
12. رسل، برتراند، (د.ط.1) في التربية، ترجمة: سمير عبده ، منشورات دار مكتبة الحياة، هزروت.
13. رسل، برتراند، (د.ط.2) التربية والنظام الجتماعي ، ترجمة: سمير عبده ، منشورات دار مكتبة الحياة، هزروت
14. رسل، برتراند، (1960) الفلسفة بنظرة علمية ،تلخيص و تقديم زكي نجيب محمود، مكتبة أنجلو مصرية القاهرة.
15. رسل، برتراند،(1961) السلطة والفرد ، ترجمة شاهر الحمود، الناشر دار الطليعة، بيروت.
16. رسل، برتراند، (2008) النظرة العلمية. ترجمة: عثمان نويه، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر.
17. شيخة، عبدالمجيد عبدالتواب و عبدالله، شيخة، (1995) برتراند راسل فيلسوفا ومصلحا ومربيا، كلية التربية ، العدد 12 ، قطر.
18. صليبا، جميل، (1385) المعجم الفلسفي، الجزء الاول، الطبعة الاولى، المطبعة سليمانزاده.
19. عويصة، كامل محمد، (1963) برتراند رسل فيلسوف الأخلاق و السياسة، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، هزروت.
20. عوض، رمسيس، (د.ط) برتراند راسل الإنسان، المؤسسة العربية للنشر.
21. عبيد، سعيد علي، (2017) فلسفة الاخلاق عند برتراند رسل، الطبعة الاولى، نيوبوك للنشر و التوزيع، القاهرة.
22. محمود، زكي نجيب، (2020) برتراند رسل، هاي ستريت، ويندسور ، المملكة المتحدة: مؤسسة هنداوي.
23. محمود، محمود، (1967) تربية الفرد وتربية المواطن. الفكر المعاصر.

24. محجوبة، قلود، (2023) مفهوم التربية عند برتراند راسل،رسالة ماجستر، جامعة ابن خلدون- تيارت، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.

25. منى، خميس، (2022) فلسفة التربية عند برتراند راسل، رسالة ماجستر، جامعة قاصدي مرباح- ورقلة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.

26. وهيبة، بونويقة، (2016) الاسس الفلسفية لنظرية التربية عند برتراند راسلّ، رسالة ماجستر، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.

27. Furgeson, E. (1931). A Critical Appreciation of The Ethics of Bertrand Russell(degree of Master of Arts). Boston University Graduate School: Boston University College of Liberal Arts Library.

28. Ghosh, Bhaswati. (2016, November). Educationist Bertrand Russell. International Journal of Innovative Research and Advanced Studies (IJIRAS), 3.(12)

29. Maclver, Donald Arthur (1964) Bertrand Russell on moral education, the university of Alberta, department of education foundation.

30. Mayada Kadhum Abed Qambar , A. P. D. . (2025). Education index in the Human Development Index(An applied study on Kut District). *مجلة واسط للعلوم الانسانية*, *21*(1/Pt1), 401-385. https://doi.org/10.31185/wjfh.Vol21.Iss1/Pt1.837

31. Russell, Bertrand, (1922) free thought and official propaganda, watt's & co., johnson's court, fleet street, e.c,4

32. Russell, betrend, (1932) on education, first publisher, printed in great Britain by unwin brothers LTD.

33. Russell, betrend, (1948) education and the social order, tenth impression, printed in great Britain by unwin brothers LTD.

34. Sarah Farid Munim Al-Yasiri, R., & Baqir Ibrahim Hussein, P. D. . (2025). The concept of religious tolerance in the philosophy of John Locke. *Lark*, *17*(1/Pt1), 660-642. https://doi.org/10.31185/lark.3920